**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٨٧٤٥ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٠**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (حەوتەم) لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو ، و پاڵپشت بە برگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٨ ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد :

**پەیڕەوی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**پەیڕەوی ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی**

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە :-

**یەکەم: زیندانی کراوی سیاسی:** ئەو کەسەیە کە گیرا بێت یا زیندانی کرابێت بەهۆی نارەزایی دەربرینی بۆ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان لە عێراق تا ٢٠٠٣/٤/٩ی ڕۆژی ڕووخانی ڕژێم لە عێراق ، لەسەر ڕادەربرین و بیروباوەڕ یان ئینتیمای نیشتیمانی یان سیاسی ، یاخود لایەنگیریکردنی ئۆپۆزسیۆن ، یان یارمەتیدانیان یاخود بەشداریکردنی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بڕیاری حکومکردنی لەلایەن یەکێک لە دادگاکان یاخود دەسەڵاتەکانی سەر بە ڕژێمە ناوبراوەکان درابێ .

**دووەم: گیراوی سیاسی:** هەر کەسێک گیرابێت ، یان گلدرابێتەوە ، یان ڕاگیرا بێت بەبێ ئەوەی بڕیاری حوکمی لەبارەیەوە لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە دەرچوو بێت بەپێی هەمان هۆیەکانی کە لەخاڵی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە .

**ماددەی (٢)**

**یەکەم:** خەرجکردنی بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی بەخشیش (مینحە)ی خانەنشینی مانگانە بۆ زیندانی سیاسی .

**دووەم:** خەرجکردنی بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی بەخشیش (مینحە)ی خانەنشینی مانگانە بۆ ئەو گیراوە سیاسییانەی کە ماوەی گیرانیان لە ساڵێک زیاتر بێت .

**سێیەم:** خەرجکردنی بڕی (٥٠,٠٠٠)پەنجا هەزار دینار مانگانە زیاد دەکرێت بۆ بەخشیش (مینحە)ی خانەنشینی هاتوو لە هەردوو برگەی (یەکەم) و (دووەم)ی سەرەوە لەم پەیڕەوە بۆ هەر ساڵێکی ناو زیندان دوای ساڵی یەکەم .

**چوارەم:** خەرجکردنی بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار مانگانە وەک بەخشیش (مینحە)ی خانەنشینی بۆ ئەو گیراوە سیاسییەی کە ماوەی گیرانی لە (٦) شەش مانگ زیاتر بێت و لە ساڵێک کەمتر بێت .

**پێنجەم:** خەرجکردنی بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی بڕاوە (مقطوع) تەنها بۆ یەکجار لە بەرامبەر هەر مانگێکی ڕاگرتنی گیراوی سیاسی کە ماوەی گیرانی لە (٦) شەش مانگ کەمتر بێت .

**ماددەی (٣)**

**یەکەم:** زیندانی کراو و گیراوی سیاسی گەر ماوەی گرتنەکەی لە (٦) شەش مانگ زیاتر بوو ، بە ساڵێک بۆی هەژمار دەکرێت دوای ساڵی یەکەم .

**دووەم:** گیراوی سیاسی گەر ماوەی گرتنەکەی لە (نیو مانگ) زیاتر بوو ، بە مانگێک بۆی هەژمار دەکرێت ، بەمەبەستی وەرگرتنی بەخشیش (مینحە)ی بڕاوە (مقطوع) تەنها بۆ یەکجار .

**سێیەم:** زیندانی کراو یان گیراوی سیاسی کە بەخشیش (مینحە)ی مانگانەیان پێدەدرێت لە خزمەتگوزارییەکان سوودمەند دەبن ، بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو .

**چوارەم:** ئەوانەی لە ناو بەندیخانە و زیندانەکاندا لە دایکبوون ، بەپێی ماوەی گیرانی دایکیان ماوەی گرتنەکەیان بۆ هەژمار دەکرێت .

**ماددەی (٤)**

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە دەردەکات.

**ماددەی (٥)**

پەیڕەوی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ بۆ جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە .

**ماددەی (٦)**

ئەم پەیڕەوە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

### هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم پەیڕەوە

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ، ئەم پەیڕەوە دەرچووێندرا.